# سەرباری مەترسی پەلاماری تورکە فاشیستەکان , خۆپیشاندانی هۆڵەندا بە بەشداری سەدان کوردستانی سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات

**پێشەکی سەیری ئەم ڕا پۆرتە بکەن لە تەلەفزیۆنی هۆڵەندییەوە**

http://www.rtvwest.nl/mms_video/2007%252F2610-nieuws.wmv

**ڕۆژی پێش خۆپیشاندانەکە هۆڵەندا و بەلجیکا بوونە شوێنی پەلاماری تورکە فاشیستەکان بۆ سەر کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکان , ئێوارەی 25-10 پۆلیسی هۆڵەندی بە پەلە ئۆتۆمۆبێلێکی پۆلیسیان نارد بەدوای ئامادەکەرانی خۆپیشاندانی هۆڵەندا , بۆ ئەوەی زیاتر ئاگاداری خۆپیشاندانەکەو مەترسی تێکهەڵچوون بن لە نێوان هەردوولا , هەروەها داوایانکرد هەر شتێك بەکار بێت بۆ خۆشاردنەوەو پەلاماردان نابێت بهێنرێت بۆ خۆپیشاندانەکە , وەلێ ئێمە دڵنیا بوین لە هیمەت و جەسووری ڕۆڵەکانمان ئەو ئەرکەمان بە پەیامێکی مێژویی زانی ئاراستەی جەماوەری کوردستانی بکەین , بۆیە ئاسایی بو بە لامانەوە .**

**ڕۆژی خۆپیشاندانەکە لە کاتژمێر 12 ی نێوەڕۆوە , دەیان پۆلیس بە ماتۆڕ و ئەسپ و ئۆتۆمۆبێل و پیادە لە سەنترالٚ ستاسیۆنەوە تا شوێنی کۆبونەوەکەیان کۆنترۆڵکرد , وردە وردە کوردستانیانیش ئامادە بوون , کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش خۆیان ئامادەکردبوو بۆ بەرەوڕوبونەوە , یەکە مجاربوو لە لایەن ڕاگەیاندنی هۆڵەندییەوە بەو شێوەیە گرنگی بە خۆپیشاندانی کوردی بدرێت , 4 کەناڵی تی ڤی هۆڵەندی , 2 کوردی , 2 ڕۆژنامە , ڕادیۆ ئامادە بوون .**

**سەرباری ئەو لایەنانەی خۆپیشاندانەکەیان سازکردبوو " ئەندامان و لایەنگرانی ینك , پدك , یەکگرتووی ئیسلامی , شیوعی کوردستان , حککع و ناوەندی گەشە پێدانی کەرکووك , مەڵبەندی کولتوری کوردی دەنهاخ , بەیت و العراقی " ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوون .**

**ئەوەی جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ئەگەر ڕۆژی کار نەبوایە ئەوە جەماوەرێکی زۆر زیاتر لەوەی ئامادە بوون بەشداری خۆپیشاندانەکە دەبوون , لێ ڕاگەیاندنی هۆڵەندی زیاتر گرنگیان بەوە دا کە باڵوێزخانەی تورکیا ئامادەی پێشوازی نوێنەرانی خۆپیشاندەرانی نەبوو , ئەوەش دڵڕەقی تورکەکان دەردەخات .**

**ئامـــادەبووان سوپاســی ناوەنـــدی چـــاك و بزووتنـــەوەی ڕیفرانـــدۆمیان کـــرد , کـــە بەشـــێوەی ڕێـــك و پێك خۆپیشاندانەکەیان ئامادە کردبوو .**

**ئامـــادە کـــەرانی خۆپیشـــاندانەکە بـــریتی بـــوون لـــەم ڕێکخراوانـــەی خـــوارەو ە " بزوتنـــەوەی ڕیفرانـــــــــــــــــدۆمی کوردســـــــــــــــــــــتان – هۆڵەنـــــــــــــــــــــــــدا** /http://www.kurdistanreferandum.com **, ناوەنـــــــــــــــدی کـــــــــــــــــوردی زوتـــەرمیر , کۆمەڵـــەی پێشـــمەرگە دێرینـــەکانی کوردســـتان- کۆمیتـــەی هۆڵەنـــدا , تیمـــی ئـــازادی** http://azady. nl **, مـــاڵی کـــورد لـــە ئـــارنهێم , کۆمەڵـــەی کـــورد لـــە دێلفـــت, ناوەنـــدی ڕاگەیانـــدنی کـــوردی ســـوریا-هۆڵەنـــدا , کۆمەڵـــەی کـــەلتوری کـــوردی ( نـــەورۆز)لایـــدن , یـــەکێتی ژنـــانی کوردســـتان-هۆڵەنـــدا , یانـــەی کـــوری میـــدیا , ئە نجومـــەنی گـــە نجانی میـــدیا , ناوەنـــدی چاك –هۆڵەندا** "www.chak.be"

chak_org@yahoo.com

s.mahmood@wanadoo.nl

**" ئەمەی خوارەوە ڕیپۆرتاجی فەرمی دەستەی ئامادەکاری خۆپیشاندانەکەیە "**

خۆپیشاندانی کوردانی هۆڵەندا لەبەردەم باڵوێزخانەی تورکیا و پێشکەشکردنی یاداشتێك بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا

ڕۆژی هـــەینی ڕێکـــەوتی 07-10-26 لـــە شـــاری لاهـــای هۆڵەنـــدی ، کوردســـتانیانی دانیشـــتوی هۆڵەنداخۆپیشـــاندانێکی هێمنـــی ســـەرکەوتوانەیان ئەنجامـــدا بـــۆ پروتســـتۆکردنی لەشکرکێشـــی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان و مامەڵە دوژمنکاریەکانی لە باکوری کوردستان .

خۆپیشـــاندەران بەژمارەیـــەکی زۆری ئـــاڵای کوردســـتان و لافیتـــەی جۆراوجـــۆر بەرامبـــەر باڵوێزخانـــەی تـــورکی کۆبوونـــەوە ، بـــەدەم ســـرودی ئـــەی رەقیـــب و دروشـــم خوێندنـــەوە ، ووتـــاری ڕێکخراوەکـــانی ئامادەکـــاری خۆپیشـــاندانەکە پێشـــکەش کـــرا ، پاشـــان بـــە نوێنەرایـــەتی خۆپیشـــاندەران بـــەرێزان ( ســـیروان مـــەحمود ، ســـۆزان ئەســـلان ، شـــاناز بـــەرزنجی ) بـــەرەو دەرگـــای ســـەرەکی باڵوێزخانـــە بەرێکـــەوتن بـــۆ پێشکەشـــکردنی یاداشـــتی ئامـــادەکراو ، پـــاش چاوەروانییـــەکی زۆر و لـــەژێر جـــاودێری پـــۆلیس و بـــە ئامـــادەبوونی راگەیانـــدنی هۆڵەنـــدی و کـــوردی ، کاربەدەســـتانی باڵوێزخانـــە ئامـــادە نـــەبوون دەرگـــا بکەنـــەوە و یاداشـــتەکە وەرگـــرن ، نوێنـــەران زۆر راشـــکاوانە ئـــەم رەوشـــەیان بـــۆ راگەیانـــدنی ئامـــادە بـــوو رونکـــردەوە و خســـتیانە روو کـــە ئەمـــە رەفتـــاری دەوڵـــەتی تورکـــە کـــە بـــە دیـــالۆك و پرینســـیپی دیموکراســـی قایـــل نـــابن بـــۆ چارەســـەری کێشـــەکان بـــەڵکو ئـــەو دەرگایانـــە دادەخـــات و تـــەنها زمـــانی تونـــدو تیـــژی و میلیتـــاری لا پەســـەندە،

پاشان لەسەر پێشنیاری لێپرسراوی پۆلێس و ژۆرنالیستی کەنالی تەلەڤزیۆنی ( ئێن ئۆ ئێس ) ی هۆڵەندی یاداشتەکە خرایە سندۆقی پۆستی باڵوێزخانە .

لە بەشێك لە یاداشتەکە هاتووە ، کێشەی کوردی لە باکوری کوردستان بە توند و تیژی چارەسەر ناکرێت ، ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا مەبەستی دیکەی لە پشتەوەیە و میللەتان دەبێت بە ئاشتی لەگەل یەکتر بژین دور لە بەکارهێنانی تۆپ و تانك و فرۆکە ، چاکتر وایە تورکیا پەنا بەرێتە بەر رێگای دیالۆك و پشت بە بنجینە دیموکراسیەکان بەستێت . کەناڵی تەلەفزیۆنی 2 ی هۆڵەندا هەواڵەکەی وەك خۆی بڵاو کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە کوردەکان داخوازی دیالۆکیکی ئاشتیانە بوون .

پاشان خۆپیشاندەران بەهەمان دروشم و سروود و وتار خوێندنەوەی جۆراو جۆر کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکەدا ، لەهەمان کاتدا و بەنوێنەرایەتی خۆپیشاندەران بەرێزان ( جەمال چاوشین ، سەمیرە حەسەن ) یاداشتێکی ئامادەکراویان برد بۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا ، لەوێ لەلایەن نوێنەری سەفارەتەوە بەرێزەوە پێشوازیان لێکرا و یاداشتەکەیانی لێوەرگرتن و بەڵێنیدا بیگەیەنێت جێگای مەبەست ، یاداشتەکە وێنەیەکی بۆ سەرۆك بۆش و کۆشکی سپی و کۆنگرس نێردرابوو .

لەبەشێك لەو یاداشتە هاتووە کە گەلی کورد داخوازە لە ئەمریکا رۆلی خۆی ببینێ بۆ رێگرتن لە لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کوردستان و هاندی بدات بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتیانە بۆ قەیرانەکان و دانبنێت بە بوونی کێشەی رەوای کوردی لە باکوری کوردستان .

شایەنی باسە ، ئامادە بوونێکی بەرچاو هەبوو لە لایەن راگەیاندنی هۆڵەندییەوە و لە نێوانیان کەناڵی تەلەفزیۆنی ( ئێن ئۆ ئێس ) ی بەناوبانگ و هەواڵەکەشەی بە ریپۆرتاژێك هەمان ئێوارە پەخش کرد ، لەهەمان ئێوارەدا رادیۆی 1ی هۆڵەندی هەواڵەکەی بە ریپۆپرتاژێك بلاوکردەوە ، هەروەها کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردستانیەکان ئامادە بوون و چەندین چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا .













بەرپرسانی باڵوێزخانەی تورکی سڵیان لە زمانی دیالۆك کرد و دەرگایان بۆ نوێنەرانی
خۆپیشەندەرانیان نەكردەوە



